# دوکتۆر کەماڵ سەید قادر و لایەنگرانی ! !

ئازاد حەقیقی azad_haqiqi@hotmail.com

ئازادی بیر و ڕا تاکوێ؟ د. کەماڵ سەید قادر پێی لە بەڕەی خۆی زیاتر را نەکێشاوە؟ ئایا بیر و ڕا دەربڕین لە کوردستان دەتوانێ بە شێوی ئەورووپی بێ؟ هەر کوردێکی کە پێی وا بێ ئەم ئازادیەی کە لە ئەورووپا هەیە بە هەمان شێوە دەتوانێ بگواسترێتەوە کوردستان لە هەڵە دایە. کۆمەڵگای ئەورووپی لەگەل هی کووردی, ئەرز تا ئاسمان جیاوازی هەیە.

لە قۆناغێکی ئاوا هەستیار کە کۆمەلگاکەمانی پیدا تێپەر دەبێ, گەورەترین هەڵە کە کەسێك دەتوانێ بیکا ئەوەیە کە بێ ئیحترامی بە ڕێبەرانی کورد بکا یان هەول بدا بۆ لەق کردنی جێگەیان لە کۆمەلگا و هەرێمەکە دا.
خراپم لێ تێ نەگەن, من لایەنگری هیچ حیزبێکی دیاری کراوی کوردی نیم بەلکوو لایەنگری هەموو حیزبێکم کە بۆ رزگاری و دوارۆژێکی باشتر بۆ کورد تێ دەکۆشێ. پێم هەلەیە بێ حورمەتی بەو حیزبانە بکرێ کە تێ دەکۆشن بۆ میللەتی کورد (جا ئەم شێوە تێکۆشینە باش بێ یان خراپ), چون بێ حورمەتی بە هەر حیزبێك, بێ حورمەتیە بە بەشێك لە کۆمەلگا. هەر کەسێکی رەخنە و تێبینی هەیە دەتوانێ بینووسێ و لە رۆژنامە یا ینتێرنێت دا بلاوی بکاتەوە, کەم و کووری یەکان دیاری بکا و دەرمانی بۆ بدۆزێتەوە, بە تایبەت ئەگەر ئەم کەسە خوێندەوار بێ.

لە ئەرووپاش ئازادی بیر و ڕا دەربڕین سنووری خۆی هەیە. لە ئەرووپاش هەرەشە کردن یان بێ حورمەتی کردن بە رێبەران تاوانی خۆی هەیە. لەق کردنی پێگەی رێبەرانی کورد لە هەرێمەکە, لەم قۆناغە دا, دەبێتە هۆی لە مەترسی کەوتنی دەسکەوتەکان. ئەوەش دەتوانێ کارەساتی زۆر خراپ بە دوای خۆی دا بێنێ. لەم پارچە ئازاد کراوە دا, کورد ئەو جێگەیەی نیە کە بتوانێ دوای زەربەیەکی وا خۆی بگرێتەوە. هەر حەرەکەتێکی لەو چەشنە دەبێ خێرا بەرپەرچ بدرێتەوە پێش ئەوەی دەسکەوتەکانمان بخاتە مەترسی یەوە.

ئێمەی کورد ناتوانین ئەم ئازادی یەی کە لە ئەرووپا هەیە بگوازینەوە کوردستان, چون کۆمەلگای کوردی زۆر شتی پێ قوبوول ناکرێ. چەند وێنەیەك لەمانە کە من لە نزیکەوە دەیبینم ئازادی کرینی مادەی بێهۆشکەرە لەسەر شەقامەکانی هولەند. هەر کەسێکی, لە کۆمەڵگای کوردی دا, ئەم شتە پێشنیار بکا بە کێوی دا دەکەن. ئیزدواجی پیاو لەگەل پیاو یا ژن لەگەل ژن لەم شتانەیە کە ئەگەر لە کۆمەلگای کوردی باسی بکەی بە شێت ناو دەر دەکەی. ئەمە دەری دەخا کە ئازادی بەشێکە لە کەلەپوور و بیر و رای کۆمەلگا.بە هەمان شێوەش ئازادی بیرووڕادەربرین لە کەلەپوور و کۆمەلگا دا هەلدەقولێ.

تەنانەت لە ئورووپاش کە پێشەنگی یاسای ئازادی و بیرووڕادەربرینە هەموو چەشنە بیرووڕادەربرینێك ئازاد نیە. لە هولەند بۆت نیە لە موزاهەرەکان دا پلاکاردێك کە ئەمنیەتی کۆمەلایەتی لە خەتەر بخا هەلگری, بێ ئیحترامی بە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خەلك یا کەسانی حکومی جەزای هەیە و زۆر شتی دی. هەر کەسێ ئەمنیەتی کۆمەلایەتی بە هەر شێوەیەك لە خەتەر خا سزا دەدرێ.

چەند رۆژێك لەمەوبەر چەند هەلسووراوێکی هولەندی بۆ کار و باری ژینگە چوونە بەر دەرگای وەزیر و بەری بەیانی لە خەویان راپەراند بە دەنگی تەیارە, کە لە پێش دا لەسەر شریت تۆمار کرابوو. ئەم هەلسووراوانە بەم شێوەیە دەیانەویست نارەزایی خۆیان دەربرِن لەسەر ئەوەی ئەم وەزیرە پلانی داناوە بۆ گەورەکردنەوەی فرۆکەخانەی "سخیپهۆل"ی ئامستردام و زیادکردنی باندەکانی هەستان و نیشتنی تەیارەکان. زۆر لەم هەلسووراوانە گیران و سزا دران. ئایا ئەمانە خەریکی بیر و را دەربرینی خۆیان نەبوون؟ چ خەتەرێکیان هەبوو بۆ ئەمنیەتی کۆمەلایەتی؟ چ بێ حورمەتی یەکیان کردوە و بە کێ؟

کاك کەمال دەلێ گۆیا کچێکیان ناردوە بۆ تێرۆر کردنی و کاك مەسعوود بۆ هەر زانیاریەك ١٠٠٠ دۆلاری لە ك.گ.ب. وەر گرتوە. تۆ بلێی ئەو بنەمالە بە دەسەلات و ساماندارە پێویستیان بە ١٠٠٠ دۆلار بوو بێ. من, کە تەلەبەیەکی بێ دەسەلات و بێ پارەم, قەت رازی نیم بە ١٠٠٠ دۆلار سیخوری بکەم. رۆژێکی یەکێك لەم کانالە ئەورووپیانە باسی ئەوەی دەکرد کە چەند بە ئاسانی لە ئەورووپا مرۆڤـ دەتوانێ بە ٥٠ هەزار ئورۆ یەکێك بەکرێ بگرێ بۆ ئەوەی کەسێك تێرۆر بکا. ئایا ئەو بە سیخوری خەریکی کۆ کردنەوەی ئەم برە پارەیە بووە؟

من زۆر لام سەیرە کە کەسێکی خوێندەوار وەکوو کاك کەمالێ بەم شێوە ناشیرنە لە ئازادی قەلەم و بەیان سوو ئیستفادە دەکا. ئایا کاك کەمالێ و ئەم کەسانەی بۆ بەرگری لە کاك کەمالێ دەستیان داوەتە قەلەم, پێیان وایە دەتوانن بە هەمان شێوە (کە کاك کەمالێ هەلس وکەوتی کردوە), لە ولاتانی ئەورووپی هەلس وکەوت بکەن بەبێ ئەوەی سزا بدرێن؟ من بە بەلگەوە دەتوانم بلێم کە ئەگەر کاك کەمالێ ئەم شتانەی وتوویەتی بە هەر کەسێکی نیشتەجێی هولەندی وتبایە (تەنانەت سەرکردەش نەبێ) سزا دەدرا. کاك کەمال ئەگەر لە هولەند بایە بە مادەی ٢٦١ (بێ حورمەتی گشتی بە وتار کە تاکە کەس بەد نێو بکا), مادەی ٢٦٢ (بێ حورمەتی گشتی بە نووسراوە کە تاکەکەس بەد نێو بکا), مادەی ٢٦٦(بێ حورمەتی), مادەی ٢٦٧(قورسکردنی تاوانی ئیهانەت) یا مادەی ٢٦٨(سکالای بێ جێ) لە یاسای بنەرەتی هولەند سزا دەدرا.

**مادەی ٢٦١**(بێ حورمەتی گشتی بە وتار کە تاکە کەس بەد نێو بکا) **دەلێ**
–پەلەدار کردنی ناموس و بەد نێو کردنی تاکەکەس بە دەستی ئەنقەست.
–بە ئاگا بوون لەوەی کە کەسانی دیکە لە کۆمەلگا دا ئەم بێ حورمەتی یانە دەبیستنەوە.
تاوانی ئەم یاسایە ٦ مانگ زیندان یا ٤٥٠٠ یورۆیە.

**مادەی ٢٦٢** (بێ حورمەتی گشتی بە نووسراوە کە تاکەکەس بەد نێو بکا)
جزای ئەم یاسایە ١ سال زیندان یا ٤٥٠٠ یورۆیە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**مادەی ٢٦٦**(بێ حورمەتی) **دەلێ:**

– بە ئەنقەست پەڵەدار کردنی ناموس و بەد نێو کردنی تاکەکەس.

– زانینی ئەوەی کە کەسانی دیکە لە کۆمەڵگا دا ئەم بێ حورمەتی یانە دەبیستنەوە و بە کردەوە کردنیان بەم شێوانە:

a)جنێو دان

b)کەڵك وەرگرتن لە وشەی سووك.

c)رەخنەی بێ روونکردنەوە

d)رەخنە گرتن و رادەربرین بە شێوەی ناشیرین.

تاوانی ئەم یاسایە ٣ مانگ زیندان یا ٤٥٠٠ یورۆیە.

**مادەی ٢٦٧**(قورسکردنی تاوانی ئیهانەت)**دەلێ:**

ئەو جەزایانەی لەو یاسایانەی پێشتر دراون دەتوانن بە ١ لەسەر ٣ زیاد کرێن ئەگەر بێ حورمەتی یەکە بەرەورووی ئەم خاڵانەی بنەوە بێ:

١–حکومەت, شوێنێکی حکومی یا رێکخراوێکی حکومی

٢–کارمەندی حکومەت لە کاتی دەوام

٣–بەرێوەبەر یا ئەندامی حکومەتێکی هاوپەیمان

**مادەی ٢٦٨** (سکاڵای بێ جێ)**دەلێ:**

سکاڵا کردن یا بە نوسراوە بڵاوکردنەوەی رەخنەی بێ جێ (دور لە راستی), بەرامبەر کەسێکی حکومی, ئەگەرناموسی پەڵەدار کا یان بەد نێوی بکا.

تاوانی ئەم یاسایە ٢ ساڵ زیندان یا ١١٢٥٠ یورۆیە.

بە داخەوە ئێستاش زۆر کەس پێ یان وایە کە لە ئەورووپا جنێو دان و بێ حورمەتی ئازادە. زۆر جار کوردەکانی نیشتەجێی ئەورووپا دەلێن "ئەورووپا زۆر خۆشە چون بە پێچەوانەی وڵاتی خۆمان, هەرچی پێت خۆشە دەتوانی بیلێی, ". ئەو کەسانە (کە مامۆستای زانکۆشیان تێدایە) هیوادارم ئێستا بۆیان دەرکەوتبێ کە ئەم شێوە بیرکردنەوەیە دوورە لە راستی.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com